**خاوەنی ئیمتیاز**

خەسرەوی عەبە ڕەشی

بازرگان

**سەرنووسەر**

حسین بەفرین


# هەڵوێست
# Halwest



**( پیرەمێرد نامە )**

هەر خزمە کە تۆ ئەخوێنێتەوە
ئاو ئەڕوا , زیخە ئەمینێتەوە
پیاوت نارد بۆ ئیش قووەتی بەرێ
سەعات قورمیشی نەکەی ناگەڕێ
بۆیە ئەم قەومە ئیشی لە پاشە
بۆ هەموو کارێ (دەوەن بە ئاشە)


هەفتەنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتی و (ئەهلی)یە لەسلێمانی دەرئەچێ — ژمارەی (٢٠) – ٢٠٠٦/١/٣١


# چ لە شار و چ لەشاخ کاتێ (ئارام) لێرە بوو هیچ کەسی تر بوونی نەبوو

ساڵی ١٩٧٥ ساڵێکی تا بڵێ ی ڕەش و تاریك و پڕ مەرگەسات بوو . ساڵێك بوو نزیکەی سەد هەزار چەکدار تووشی نوچدان و دەسبەرداری هەموو شتێك بوو . ئەوەی زۆر خۆی بە قارەمان و ئازا ئەزانی یا لەبەردەمی دوژمنی (بەعس) دا بە چۆکدا ببوو , ڕۆڵەیەکی دڵ کراوە و بەرچاو ڕوون و بڕوا بە بەرگری کردن جڵەوی ڕێکخراوێکی سیاسی بچکۆلانەی گرتە دەست باوەشی کرد بە چیا سەربەرزەکانداو دەنگی کۆڵنەدان و بەرگری کردنی بەرز کردەوەو بە کێوی سەختی خەباتدا سەرکەوت . لەو ڕۆژە ڕەشانەدا هیچ کەسێك بەناوی سەرۆك و سەرکردە و ڕابەرو گەورەوەنەما بوو بێجگە لە گیانی ورەی (ئارام) و جورئەتی (ئارام) و بەرگری کردنی (ئارام) نەبێ هەبوو , هیچ کەسیش لەوانەی (سەرانی کوردن) لەم وڵاتە وێران کراو و چۆڵ کراو و بەدوژمن ئاخنراوەدا نەما بوو , تەنها (ئارام) و ئەو ڕۆڵە گیان لەسەر دەستانەی لێ بوو کە نەترسانە لە ڕووی نوچدان و نائومێدی و هەرەس و بێ بڕوایی و تێشکان و دوژمنە فاشی یەکانی (بەعس) شدا وەستابوونەوە و ئەیان وت کورد گەڵیکە نابێ بتوێتەوە وپێویستە ماف بوونی خۆی هەبێ . تەنها (ئارام) و ئەو ڕۆڵانە لێرە بوون کە وەك چرایەکی دوور دوور لە شەوێکی تاریکدا کز کز ئەسووتان و بەحاڵ ئەبینران و نە ئەبینران , بەغەیری ئەوان بە غەیری گەلێکی خۆڵی مردوو بە سەردا کراو کەسی تر لێرە نەبوو . بە غەیری ئەوان و ئەم وڵاتە بێشەیەکی چۆڵ و هۆڵ کراو بوو (بەعس) ی و (پیاوانی بەعسی) تەرە تێنیان تیادا ئەکرد و پیاوێك نەبوو بە خۆی بڵێ پیاو , قارەمانێك نەبوو بۆ ئازایی چڵێك پووش بجوڵێنێت , سەرکردەیەك نەبوو وەك پیاو بڵێ من هەم . تەنها (ئارام) و ئەو ڕۆڵە گیانبازانە نەبێ لەگەڵ گەلێکدا کە خۆڵی مردووی بە سەردا کرا بوو , هیچ کەسی تری لێ نەبوو بۆ دەرمانی چاویش پێ ی بڵێ سەرۆك و سەرکردە و قارەمان و گەورە , تەنها (ئارام) و ئەو ڕۆڵە چاو نە ترسانە نەبێ .



# هەڵوێست نەمرد
## Halwest
# بەڵام ڕاگیرا

تەسلیم بوونەوە بوو , یەك گەل ڕووبوڕووی ڕووخانی سیاسی و چەکداری بووە وە و بەشی هەرە زۆری کەوتە ژێر هەرەسی نائومێدی و بێ هیوایی یەوە و هات و خۆی (فت) کرد یا ڕایکرد و پەنای بردە بەر ئێران و ئەملاو ئەولا وخۆی ون کردو نقەی لە خۆی بڕی . لەو شەو گارە تاریکەدا کە هەمووشت تەواو و بە (هاوکاری) لەگەڵ ئەو هێزە پەرش و بڵاوانەی لێرەو لەوێ بڕوایان بە تەسلیم بوون نەبوو ڕێوشوێنێکی تازەی بۆ شۆڕش و پارتی زانی ئامادەکردو بە داخەوە لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا کە کە زۆر خەڵك بە دەفتەرە دۆلارو بەشەدە دۆلار و بە بلۆکە دۆلار قسە ئەکات و مامەڵە ئەکات , لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا پارە وەك خۆڵ و وەك گەڵای دار لە لایەن پیاوانی حیزبی و دەسەڵاتەوە بەسەر خەڵکی داو بەسەر قەڵەمە چاو حیزەکانی کورد دا ڕژاوەو هەموو شتێك ئەکڕێ و ئەفرۆشرێ . ئێمە لەگەڵ زیانێکی زۆردا کە زیاتر لە (چوار ملیۆن) پارەی (بریمەر) بوو ڕووبەڕوو بووینەوە و ئیتر نە بە چاکمان زانی و نەبە ئازایەتی ئەزانین لەسەری بەردەوام بین و بڕیاری (ڕاگرتن)ی ڕۆژنامەی (هەڵوێست)مان داو دەستمان لە کاری ڕۆژنامەگەری هەڵگرت . بەڵام ئەگەر (ماڵپەری کوردستان نێت) بەردەوام بێت لە بڵاوکردنەوەی (هەڵوێست) و دەرگامان لێ دانەخات ئێمە هەر سوورین لەسەر دەرکردنی و ئەوسا وەك ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی دەری ئەکەین و ئەچینە دنیای ئەلەکترۆنی یەو ئەوەی بمانەوێ ئەیکەین و ئەینووسین و دەرگاشمان بۆ هەموو قەڵەمێکی نەفرۆشراوی ئەم گەل و نەتەوەیە کراوەو هیواداریین دڵسۆزان و برادەرانی (ماڵپەری کوردستان نێت) چرای ئەم هیوایەمان نەکوژێننەوە و دەرگای خۆیمان بەر دەوام بۆ بکاتەوە تا ئێمە لەسەر ئەم کارە بەردەوام بین و خزمەتی گەل و نیشتمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان بکەین .

## لەم ژمارەیەدا


- تۆ بڵێ ی لە عێراقدا دواڕۆژ چۆن چۆنی بێت ؟ .................... ل٢
- لەبەر ئەوەی پیاوی کەس نەبووین . ( هەڵوێست ) ڕاگیرا.................... ل٣
- کاری وەرگێڕان یا بازرگانی کردن بە ڕۆشنبیریی یەوە ؟.................... ل٤
- ئێوە پەروەردەتان وێران کرد .................... ل٥
- دواهەمین هەناری دونیا چۆن چۆنی دزراوە؟.................... ل٦


**پاشکۆیەکی ئەدەبی لەگەڵدایە**

# هەڵویست
## لە سەر ئینەر نێت بخوێنەرەوە

مژدەیەکی خۆش بە خوێنەران ئەدەین کە لە مەو بەدوا ئەتوانن (هەڵوێست) لە سەر (سایتی کوردستان نێت)یش ببیننەوەو بیخوێننەوە کە لە ڕێگەی دڵسۆزانەوە ئەم پێگەیەشیان بۆ کردوینەتەوە ئێمە سەرەڕای ئەوەی لە دڵەوە سوپاسی (سایتی کوردستان نێت) ئەکەین , ڕێزمان بۆ ئەو دڵسۆزانەش هەیە . ئەمەش پێگەکەیە :

**WWW.kurdistannet.org / Halwest**